

# مۆدە جوانەکانی کاوبۆی تەسک

مۆدە جوان و ناسکەکان لەسەر جەستەی خانمان دەبێ بە جوانترین شێواز دەربکەوێ، لەگەڵ ئەوەی جلەکان بە جوانترین ڕێگە دەبێ هەڵبژێردرێ، یەکێك لەم مۆدانە بریتییە لە: پانتۆڵ یان کاوبۆی تەسك، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە مۆدەکانی وەرزی سەرما، بەمەش دەتوانین ڕێگەی جوانکاری لە جلەکان دابین بکەین، ئەم جۆرە جلە شێوازێکی سەرەنجراکێش لە خۆ دەگرێ. کاوبۆی لەم جۆرە سەرەنجراکێش دەبێت، یەکێك لە مەرجەکانی ئەو جۆرە جلە دەبێ هاوڕەنگ بێ لەگەڵ شێوازی جلەکانی دیکە، بەڵام جوانترین ڕەنگ بۆ ئەو جۆرە جلە بریتییە لە ڕەنگی : ڕەش – قاوەیی – نیللی، چونکە ئەو ڕەنگانە دیمەنێکی سەرەنجراکێش دەدەن.



# پووتە جوانەکان ستایلێکی گرنگە بۆ خانمان

جلوبەرگەکان، دەبێ بۆ خانمان لە نزیکترین مۆدە جیهانییەکان دابنرێ، تەنانەت دەبێ گرنگی بە پێڵاوەکانیش بدرێ، چونکە جوانی پێڵاوەکان گرنگی زیاترە لە جوانی جلوبەرگەکان، پێڵاوەکان چەندین شێوە لە خۆ دەگرێ، یەکێك لە سەرەنجراکێشترین ئەو پێڵاوانە بریتییە لە (پووت)، دەکرێ بە جوانترین و سەرەنجراکێشترین پێڵاو دابنرێ.

جوانی پووت لەوەدایە کاتێك لەگەڵ جلوبەرکاندا دەگونجێ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگ و شێوازی پووت بەپێ جلوبەرگەکان دادەنرێ، لەم ڕێگەیەشەوە دەکرێ سوود لە گونجاندنی نێوان جوانی جلوبەرگ و ستایلی پووتەکە وەربگرین، چونکە پووت لەگەڵ گشت جۆرە جلێك دەگونجێت، تەنانەت دەکرێ لەگەڵ پانتۆڵ و کاوبۆی و تەنوورە بپۆشرێ، لەم ڕێگەیەوە دەتوانین سوود لە پووت وەربگرین.








# ماکیاژی چاوەکان لە ڕەنگی وەنەوشەیی و ڕەش

**خاتوو شەرمین لە سالۆن ستۆکهۆلم بۆمان ئامادە دەکات**

ماکیاژی چـــاوەکان، ڕەنگدانەوەی جوانی ڕووخساری خانمانە، ئەمەش کاتێك ماکیاژێکی کراوە و ناســك بە چاوەکانی خانمان دەدرێ، بەم جۆرە دەکرێ ســـوود لـــە جوانی چاوەکان وەربگریـــن لەوەی بـــۆ مۆدەیەکی تایبەت و کراوە دابنرێ، یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی ماکیاژی چـــاو، بریتییە لـــە تێکەڵی نێوان ڕەنگـــی ڕەش و چەند ڕەنگێکی دیکە. لێرەدا بـــاس لە ماکیاژی چاو لـــە ڕەنگی تێکەڵی ڕەنگی ڕەش و وەنەوشەیی دەکەین، چونکە ئەو دوو ڕەنگە دیمەنێکی ســـەرەنجراکێش و ڕازاوە دەبەخشن، بەمەش دەتوانین جوانییەکی کراوە و ڕازاوە ببەخشین، لەم ڕێگەیەوە ماکیاژی چـــاوەکان لـــە ڕەنگی وەنەوشـــەیی و ڕەش پێشـــاندەدەین، بـــە تایبەت کاتێك پشـــت چاوەکان تێکەڵ دەبێ لە ڕەنگی وەنەوەشەیی کاڵ یان تۆخ، دەبێتە دیمەنێکی کراوە و جوان لە مۆدەکانی ماکیاژی چاوی خانمان. ماکیاژەکان دەبێ بە سادەترین ڕێگە لێبدرێ، بۆ ئەوەی زیان بە پێســـتی چاوەکان نەگەیەنێت چونکە زۆر جار ماکیاژەکان دەبنە هۆی هەستیاری پێستی چاوەکان.

# سەرەنجراکێشی و ڕازاوە بۆ ژووری خانمان

خانمان دەبێ گرنگی بە ماڵەکانیان بـــدەن، تەنانەت بـــە جۆرێك دەبێ دیکۆرەکان هاوشـــێوەی ناخ و هەست و سۆزیان بێ، لەگەڵ ئەوەی شێوازی دیکۆری ماڵ پابەندە بە جوانی ڕەنگ و دانانی کەرەســـتەکان هەر یەکە بە گوێرەی لایەنـــە جوانـــەکان و گونجاندن نێوان کەرەستە و ڕەنگی دیوارەکان.

کاتێـــك باســـی ژووری خانمـــان دەکەین، دەبێ هەستێکی مێینەی پێوە دیار بێ، ئەمەش کاتێك لەگەڵ چەند لایەنێك مامەڵە دەکەین لەوانە: ڕەنگی ژوورەکە، بـــۆ ڕەنگی ژووری خانمان ئـــەو ڕەنگانە جوانـــە بەکاربهێنرێت: ڕەنگی پەمەیی – ســـوور – قاوەیی کراوە – زەردی کاڵ.

دەبێ هەوڵـــبدرێ شـــێوەکان نزیك بن لـــە یەکتر بۆ ئـــەوەی هەر یەکە لەگەڵ ئەوەی دیکەدا بگونجێت.




# مۆدەی تەسریحەی خاو

مۆدەی قژەکان بە چەندەها تەســـریحەی جـــوان و ڕازاوە دەردەکـــەوێ، ئەمـــەش لە ڕێگـــەی دانانی تەســـریحەکان بۆ ئەوەی لەگـــەڵ ســـتایلی ڕووخســـار و قژی هەر خانمێك بگونجێ، کاتێك بیرۆکەکان دادەنرێ بۆ تەســـریحەی قژ، دەبێ بیر لە شێوازی تەســـریحەکە بکرێتەوە، لە ســـەرتادا دەبێ جۆری تەسریحەکە هەڵبژێردرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ جوانی قژەکە ڕێکبکەوێت.






تەســـریحەی خاو یان سەرح، یەکێکە لە جوانترین شێوازەکانی داهێنانی قژ، دەکرێ بە مۆدە جوانـــەکان وەریان بگرین، ئەمەش بە مۆدەیەکی تایبەتە دەژمێردرێت، کاتێك پێشەوە بە شێوەیەکی کورت و ناسك، لەگەڵ بەردانەوەی هەردوو تەنیشتەکان، ئەمەش بە جوانتریـــن تەســـریحەکان دادەنرێ و دەبێتە مۆدەیەکی تایبەت و جوان.

# سەیرترین نایەکسانی نێوان پیاو و ئافرەت










پیاو و ئافرەت، دوو لایەنە هەر یەکە تەواوکەری ئەوەی دیکەیە، ئەمە وەك سرووشتێکی تایبەت بەبێ ئەوەی نکۆڵی لێبکرێت. کەچی هەندێك حاڵەت هەن جیاوازییەکی گەورە دروست دەکەن لە نێوان پیاو و ئافرەت، لەم حاڵەتانەش ئافرەتەکان بوونەتە قوربانی پیاوەکان، وەکو لەم وێنانەدا کە بەنهێنی وەرگیراون بەبێ ئەوەی پیاوەکان ئاگادار بن.

لەم چەند وێنەیەدا سەیرترین نا یەکسانی دەردەکەوێ، وەك کارکردن بە ئافرەتەکان بەبێ بەشداری پیاوان کاروباری خۆیان. بەمەش پیاوەکان دەبن بە میر و ئافرەتەکانیش دەبن بە کرێکار لە ژێر دەستیان، وادیارە، پیاوەکان وەکو میر رێگەیان گرتووە و ئافرەتەکانیش لە دوواوە بوونەتە کرێکار.

# (٤) جمکی منداڵی هاو رەگەز!



جمکەکان وەك حاڵەتێکی سەیر و بەرچاو، لە گشت شوێنێك لە دایك دەبن، تا ئێستا زۆرترین رێژەی جمك بریتی بووە لە (٨) منداڵ، کەچی لە ساڵی تازە ٢٠١٠ یەکەم حاڵەتی جمك لە دایك بوون و، ئەویش لە وڵاتی بریتانیا بوو. ئەوەی سەیر بێ تا ئێستا جمکەکان لە یەك رەگەز دەرنەکەوتوون، کەچی ئەمەیان دەبێتە یەکەم حاڵەت کە چوار منداڵی جمك گشتیان لە یەك رەگەز بن.

ئەم جمکەکانە بریتین لە (٤) کچ، هەر یەکە هەمان شێوەی دیکەی هەیە، دایك و باوکی ئەو منداڵانە کە ناویان (سین و لیزا)یە، لە سەرەتادا پێشبینی (٢) منداڵیان دەکرد، کەچی لە کاتی لە دایك بوونەکە ژمارەی منداڵەکان زیاتر بوو، تا گەیشتە (٤) منداڵی کچی هاوشێوەی یەکتر.





# تەمەنی (١) ساڵە سگی پڕە!

لــە ســـەیرترین حاڵەتەکانـــی جمك و منداڵبـــوون، بریتییە لەو منداڵە بچووکەی لە تەمەنی (١) ســاڵی ســگ پڕ دەبێ، لــە وڵاتی چین منداڵێکــی کچ بە ناوی (مینگرۆ کانگ)، کاتێك زانیان ســگی گەورە دەبێ بە ڕێژەیەك وەك نەخۆشییەکی گەورە دەربکەوێــت، دوای ئەوەی دەیبەن بۆ نەخۆشـــخانە و پشـــکنینی بۆ دەکەن، دەبینن لە ناو سگی ئەو منداڵە، منداڵێکی دیکە هەبوو. ئەم حاڵەتەش ڕاستەقینەیە و بەم جۆرە دەڵێن (کۆرپــە لە ناو کۆرپە – (fetus in fetus) ئــەم جۆرە حاڵەتە ئەگەر بە ژمــارە بەرامبەر حاڵەتەکان بێ، بە ڕێــژەی (٥٠٠٠٠٠)جار، ڕەنگە جارێك دەربکەوێت. لە دوای دانانی چارەســەری بۆیــان دەرکەوت، ئەو منداڵە لە پێشـــوودا جمك بوونە، کەچی منداڵەکەی دیکە لەناو سگی ئەو منداڵە گەشەی کردووە.



# پێی ئەو کچە ڕووی لە پشتە

حاڵەتە سەیرەکان لە زۆر لایەن دەردەکەون، تەنانەت جێگەی سەرســوڕمانیمان دەبێ، لە هەندێك جاریشـــدا دەبێتە بەزەیی و دڵ پێســـووتانمان بۆ ئەو کەســـانەی بەشێکی جەســـتەیان گرفتێکی هەیە، بەڵام لەلای ئەو کەســانە چاکترە وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ.

یەکێك لەو حاڵەتە سەیرانە، بریتییە لە پ ئەو خانمـــەی لە وڵاتی کۆریا دەرکەوتووە، شێوەی پێی لە هەر مرۆڤێك جیاوازی هەیە، ســـەیری پێ ئەو خانمە لەوەیە ڕووەوپشتە، واتـــە لە جیاتی ئـــەوەی پەنجەکانی بەرەو پێشەوە بێ، بەرەو دواوەیە. ئەوەی جێگەی داخە تـــا ئێســـتا نەتوانراوە چارەســـەری بۆئەوکچە بکرێ و توانای ڕۆیشتنی نییە و بەسەر دەستەکانی دەڕوات.

# گۆلکی دوو سەر



وڵاتـــی چیـــن بـــە گوێـــرەی زۆری دانیشتوانی، بۆتە وڵاتی سەیر و سەمەرە لە دوای وڵاتی هیندستان دێت، تەنانەت کارە سەیرەکانی ئەو سەردەمە لەم وڵاتە ڕوودەدات و دەبێتە یەکێك لە سەیرترین حاڵەتەکان، بەم دواییە حاڵەتێکـــی دیکەی گیانداری دوو سەر و یەك جەســـتە دەرکەوت، ئەمەش لە هەرێمی (شوانیگ) کە دەکەوێتە باکووری ئەو وڵاتە، کاتێك گۆلکێك لەدایك دەبێ، ســـەرەتا وادەزانـــن دوو گۆلکە، کەچی لە دواتر بۆیان دەرکەوت تەنیا گۆلکێکە بەڵام دوو سەری هەیە.

لە سەرەتادا وا پێشبینیان کرد گۆلکەکە بمرێت و نەژیێت، کەچی گۆلەکەکە بەبێ هیـــچ نەخۆشـــی یـــان حاڵەتێکی خراپ بەردەوام دەبێ لە جووڵە کردن، تا ئێســـتاش دەژییـــت و تەمەنـــی گەیشـــتۆتە (٦) مانگ، ئەوەی ســـەیر بێ کـــەس نازانێت کامە سەر کۆنترۆڵی جەستەکە دەکات، یان پرسیاری ئەوە دەکرێت ڕەنگە هەردوو مێشك کۆنترۆڵی جەستەکە بکەن.



# خانووە سەیرەکان لەناو دەریاچە

هەنگاوە سەیرەکان بە چەندەها ڕێگەی جیاواز و سەیر تێدەپەڕن بۆ ئەوەی کارێکی تایبەتمەند دروست بکرێ، لەگەڵ ئەوەی بیرۆکەکان فراوانن لە دانانی ڕێگەیەك لە کارە سەیرەکان. باڵەخانە و خانووەکان دەکرێت بەهەر شوێنێك دروست بکرێت، بەڵام چی دەبێ ئەگەر خانووێك لەسەر وشکانی و ئاودا ئامادە بکرێ و ببێتە یەکێك لە سەیرترین خانووەکانی جیهان.

لە باشووری وڵاتی کۆریا، بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە ئاو لەم ناوچەیە، لە لێواری دەریاچەیەك کەرتە چیایەکی ناو ئاو هەبوو، بۆیە بیرۆکەی ئەندازیارەکانی ئەو وڵاتە بۆ دانانی خانووێك یان ئوتێلێکی گەشتیاری دەبێتە جوانترین دیمەنی ئەو شوێنە، بۆیە توانیان خانووێك لەسەر شێوەی خانووەکانی ئەو وڵاتە دروست بکرێ و لە داهاتووش دەکرێت بە ئوتێل.



# پێڵاوە سەیرە ک



# کچی کوڕ!



زۆرن ئەوانەی شێوەیان تێکەڵە لە نێوان کوڕ و کچ، یان هەندێك لاسایی دەکەنەوە بۆ ئەوەی لە شێوەی ڕەگەزی بەرامبەر بچن، تەنانەت زۆر جار جیاوازییەکان نزیك دەبێ و تێکەڵ دەبێ کە شێوەی دەچێتەوە سەر کچ یان کوڕ، وەك ئەو هاوڵاتییەی لە وڵاتی ئیمارات دەژییێت، کە خۆی کوڕە و تا ئێستاش لاسایی کچان دەکاتەوە، شێوەی سرووشتی خۆی زیاتر لە کچ دەچێ نەوەك لە کوڕ. حەمدان برتش، ئەو کوڕە گەنجەیە، کاتێك کورانی دیکە دەیبینن بە وورژێنەوە سەیری دەکەن، چونکە جەستە و جووڵە و شێوەی تەواو لە کچێك دەچێ، بۆیە هەردەم چاوی لەسەرە لەلایەن ئەوانەی حەز بەم لایەنە دەکەن، لە داهاتوویەکی نزیکدا دادگایی ئەو کوڕە دەکرێ لە سەر ئەوەی لاسایی کچ دەکاتەوە!

# سەگێک (١٦) بێچووی بە جارێک دەبێ



کاتێک گیانداران بێچوویان دەبێ، ژمارەیەکی دیاری کراویان هەیە، لە هەر گیاندارێک بۆ ئەوەی دیکە دەگۆڕێت، هەروەها لەلای مرۆڤیش ئەم لایەنە بەدی دەکرێ لە کاتی منداڵبوون، چونکە هەندێ جار ژمارەی منداڵەکان زیاتر دەبن و بەمەش حاڵەتێکی سەیردێتە ئاراوە، کەچی زۆری ژمارەی بێچووەکان لەلایەن گیانداران کەمتر دەردەکەوێ.

یەکێک لەم حاڵەتانە لە وڵاتی ئیرلەندا بینراوە، ئەمەش کاتێک سەگێک ژمارەیەکی زۆر لە بێچووی دەبێ، کە جێگەی سەرسوڕمانیە، ژمارەی بێچووی سەگیئاسایی زیاتر نابێ لە (٥)، کەچی ئەو سەگە (١٦) بێچووی بووە، ماوەی بوونی بێچووەکان نزیکەی (١٠) کاتژمێری خایاندووە و بەمەش دەبێتە یەکەم حاڵەتی لەم جۆرە لە جیهاندا رووی دابێت.



## ـــانی ئافرەتان

یەکێك لە سەیرترین پێڵاوەکان بە چەندەها شێوە دەردەکەوێت ئەویش بۆ مەبەستی گرنگی دانە و تاوەکو ببێتە کەرەستەیەکی سەرەنجراکێش، بە جۆرێك لە هەر شوێنێك ستایش بکرێ تاوەکو ببێتە جوانترین کەرەستە. یەکێك لەوانە دروست کردنی پێڵاوەکانە. بە تایبەتی پێڵاوەکان بۆ خانمان، چونکە جێگەی سەرەنجراکێشتر دەگرێتەوە. ئەم مۆدە سەیرە دەبێتە یەکێك لە مۆدە تازەکان، رەنگە لە داهاتووشدا ئەو پێڵاوە بێپاژنەیە ببێتە مۆدێکی تایبەت، ئەو جۆرە پێڵاوە لە کۆمپانیایەکی فنلەندا دروست کراوە و، تەنیا بۆ کاری سەیر و سەمەرە دروست کراوە، ئەوەی سەیر بێ هەندێك لە ئافرەتانی ئەو وڵاتە دەپۆشن بە بیانۆی ئەوەی پێڵاوێکی خۆشە و ئازاری پێ نادات.





# گەورەترین (گا) کێشی (٢) تەنە

گیاندارەکان بە چەندەها شێوە و قەبارەکان دەردەکەون، بەهۆی ئەوەی لە دەست خۆیان نییە و تەنانەت شێوکانیان بە رێگە سەیرەکان دەردەکەوێ، وەکو دەزانین (گا) یەکێکە لە گیاندارە شێوە زەبەلاحەکان، بەڵام لە هەندێك حاڵەتدا دەبن بە جۆرێك لە گشت جۆرەکانی دیکە جیاوازی جیهان. لە وڵاتی بریتانیا، گەورەترین گا هەیە، تەنانەت شێوەی لە گا ناچێت و دەچێتە سەر شێوەی فیل، بەهۆی ئەو قەبارە گەورەیەی هەیەتی، گەورەیی ئەو (گا)یە لە نەخۆشییەکی زۆر خواردن پەیدا بووە و رۆژانە بڕێکی زۆر خواردن دەخوات، بەم هۆیەوە کێشی گەیشتۆتە نزیکەی (٢) تەن، ئەمەو پێشبینی دەکرێت هێشتا کێشی زیاتر بێ و لە دوو تەنەکە تێپەڕ بکات.



